# عارەب لەدەهۆڵی تەعریب کردن ناوەستن

## ئەحمەد دەشتی

لە دوای ئەو هەموو کارەسات و ڕوداوە تاڵ و ناخۆشانەو ئەو هەموو ماڵ وێرانیانەی کە بەهۆی هەستی شۆڤێنی و چلکن و ڕژیمە دکتاتۆریەکانی یەک لە دوای یەکی عێراق و هەموو ناوچەی خاوەر میانەوە کە هەمیشە ئەو ڕژیمانە دژ بە خەلکی ئازادیخواز و دیوکراتخواز و هەموو مرۆڤێکی پاک سالەهای سالە بەسە تەواوی خەلکی عێراق بە تایبەت و هەموو خەلکی ئەم ناوچەیە لە دوا کەوتن و مال وێرانی هاتوە دیارە کە هۆکارەکانی هەموو دەگەڕێتەوە سەر ئەو هەست و بۆچونانەی کە لەلایەن شۆڤێنیە عارەبەکانەوە هەتا ئەمڕۆش هەولی سەرکەوتنی ئەو هەستە کەسیف و پڕ لە جنایەتکارانەیان دەدەن . ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەم کۆنگرەیەی کە بەناوی ئاشتبونەوە لە میسر دا لە سەر داوای عەمر موسا بەسترا ئەمرۆ دەست بە کاربوون ، بەو ناوەوەکە بتواندرێت خەلکانی دژ بە یەک لە عێراق دا بە تایبەتی سونییەکان و شیعەکان و تەنانەت بە خەیالی عەمر موساوە بەعسیە سەدامیەکانیش لە یەک نەزیک بکەنەوەو لەو ڕیگەوە مەرامەکانی عروبایەتی خۆیان وەدی بێننەوە و دیسانەکە عێراق بگیرنەوە باوەشی عروبایەتی خۆیانەوە ، بە کورتی و بە کوردی من پێم وایە کە هیوای جەنابی عەمر موسا تەنیا بۆ ئەوەیە کە بتوانێت لەو کۆنگرەیەوە هەستی شۆڤێنیەتی عارەب لە عێراق دا بچەسپێنتەوەو وەک جارانی ناسریەکان زیندوو و یەکگرتووی بکەتەوە و ئەو ترسەی کە لە ناو دڵ و دەرونی سەدان عەمر موسا و زۆربەی هەرە زۆری خەلکی عارەب داهەیە و کاریَ بکەن کە ترسی ئەو ترسە کە چەسپاندنی دیموکراتیەتە و ڕۆژیَ لە ڕۆژانیش دێت کە بەهۆی ڕەفاتاری ناو دەروونی گەلیَ لە عارەبە شۆڤێنیەکان عڕاق پارچە پارچە دکرێت و لەو سایەدا گەلی کورد بە ئاوات و هیواکانی خۆی دەگات و دواڕۆژێکی پڕ لە بەختەوەری و سەربەخۆیی کورد و کوردستان وەدی دێت بەسەریادا زال بین و لە ناوی بەرن و ئەو عێراقەی کە لە هەستی عروبایەتی عەمر موساو هەستی هەموو عەرەبێکی شۆڤێنی دایە و دیانەوێت کە هەموو کوردستان بە تێکڕایی بە عەرەباوی بکەن و ئەم ئاواتە دێرینەی

خۆیان کە هەمیشە لە دەرونیان دایە وەدی بێنن و عێراق هەروەک عیراقەکەی سەدامی جاران لیَ بکەنەوە و جارێکی تریش کوردو کوردستان بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان و ئەمجارەش بێنەوە کوردستان و خاکی باوک و باپیرانی کورد بشێلنەوە و دیسانەکە بە خەیاڵی خۆیان کوردستان تەعریب بکەنەوە،ئەگەر بڕوانینە قسەکانی عەمر موسا و لێی ورد بمینەوە دەبینین کە بیَ بەش نیە لە هەول دانەوەی دیسان تەعریب کردنەوەی کوردستان و لە بەر چاوی جیهانیان دا وا عروبایەتی عێراق زیندوو دەکەنەوەو پە پەیڤەکانیان چاک دیارە کەوا لە هەولی ئەوە دان کە بتوانن ئەمجارەش عێراقیکی پڕ لە هەستی عروبەو بە ناوی عروبەوە دروست بکەنەوە و گەلی کوردی ماف لیَ زەوت کراوو بێبەش کراو لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی خۆی دا بیَ بەش بکەنەوە و کاریَ بکەن کە هەرگیز کوردستان بە ئاواتەکانی خۆی نەگات و هەستی عروبایەتی هەمان دیرۆکی جارانیان و لە دوورەوە پەلامار دانی کوردستان بدەن و بە سەر خاکی گەلی کورد زال ببنەوە .

ئەگەر بە چاوێکی ژیرانە و دڵسۆزانە بۆ کوردستانی بریندار بڕوانینە ئەو کۆنگرەیەی کە لە سەر هەول و داوای عەمر موسای وەکیلی هەموو عارەبان کە ئەمڕۆ لە مسر بەسترا چاک دیار دەدا کە لە هەولی چیدانە هەر بۆیەشە کەلە هەوەل ساتەوە دیار بوو کە ئەو کۆنگرە نەک هەر سەرکەوتو نابێت بەلکو دەبێتە هۆکارێکی زێتر بۆ مشت و مڕی نێوان شیعەکان و سوننەکان و زیاتر توند کردنی کێشەکانی نێوانیان لە هەموو ڕوییێکەوە،دەبینین کە ئاسۆکانی گوفتارەکانی هەموو ئەو عارەبانەی کە هەستی شۆڤێنیەتیان لە ناو دڵ و دەروون دا هەر ماوەو بە هیچ شێویەک ناتوانن کە ئەم هەستە لە دەروونی خۆیان دا دوور بکەنەوە و جاریَ لە جاران خۆیان پیَ بگیرێت و داوای عروبەتی عیراق و بە عروبە کردنەوەی عیراق مەبەستیان نەبێت ، ئەوان کە لەناو خوێنیان دا جۆشاوە کە دەبیَ خەلکانی تر لە ژێر سایەو ڕکیفی ئیسلام و عروبەوە بتوێننەوە و گەلانی ئازدیخواز بتوێننەوە و کاری بکەن کە هەرنەمینێن و بۆ ئەو مەبەستەش لە زۆر کەنالەوە خەباتی بۆ دەکەن و یەکیَ لە شیوەی خەباتەکانیان هەمان شیوە کۆنگرەیە کە ئەمڕۆ لە میسر لە ژێر پەردەی بەناوی ئاشت بونەوە و یەکگرتنەوە دەیبەستن و هەولی بۆ

دەدەن  و نایەنەوێ قەتیش گۆڕانکاری بە سەر ئەو هەستەیان دا بکەن و هەتا مردنیان هەولی بۆ دەدەن و خۆیان بە چاکتری گەلانی سەر ڕووی زەوی دزانن . ئەوەی کە ئەمڕۆ بە سودی گەلی کوردە پێم وایە کە ئەوان هەر چەند ڕشتر بن لە سەر  بڵاو کردنەوەی هەستی عروبەیان و ئەم نیازە خەراپەیان زیاتر ئاشکرا بکەن و بیانەوێ بە ناوی ئیسلام و عروبەوە هەستی خۆیان دژ بە گەلی کورد ئاوا دەرببڕن و لە هەولی کوردستان بە تێکڕایی تەعریب کردن نەوەستن و بەم شێوانەی کە دەبینین هەول بدەن و قسە پڕو پوچەکانی رابوردویان  کە هۆکاری ڕشتنی خوێنی هەزاران هەزار شەهیدانی کوردستانە زیندوو بکەنەوە ، ئەوا گەلی کورد زیاتر بەرەو وەرگرتنی مافی چارەنوسی خۆی و کوردستانێکی سەر بەخۆ دەڕوات و کورد چیتر بە ئارەزووی خۆیەوە نایەوێت لە گەل عارەب دا بژیت و کە ئەمەش لە دەستوری عێراقی دا هاتووە و دانی ۆیا نراوە کە پێکهاتەی حێرآق وو کووردستان یەکگرتنێکی ئارەزوو مەندانەو واتە سبەی ئەوانەی بیانەوێ کە لە گەل  عێراق  نەمێننەوە مافی خۆیانە کە بڕیاری چارەنوسی خۆیان بدەن.

ئەمڕۆ بۆ گەلی کورد کە ئەم هەلە هەلکەوتووە وەک هەمیشە گەورەترین خزمەت ئەوەیە کە هەموو کورد بە یەک دڵ و بە یەک گیان یەکتر بگرن و تا دەتوانین دۆستانی دەرەکی بۆ کوردو کوردستان زێتر بکەین  و هەمیشە  دژ بە هەموو پڕو پاگەندەکانی داگیرکەرانی کوردستان بین و لە ناو گەلانی جیهاندا ناوی گەلی کورد بەرزتر بکەینەوە و دۆستانی چاک و دلسۆزانەترو پتەوتر یەکێتی نوان خمان بپارێزین و دۆستانی باش بۆ گەلی کورد پەیدا و دروست بکەین و بتوانین کە بۆ سبەی ڕۆژێ کە داوای سەربەخۆییمان کرد و پێشت و پەنامان  بۆ دان پینانمان هەر زێتر پەیدا بکەین ، چونکە پێم وایە کە  هاکا گەلی کورد ئەو داوایە ڕەوایەی خۆی بکات و ئیتر بۆ هەتایە لە عێراقی عروبەی عەمر موساو جەعفەریەکان و سوننە و شیعەکان دا جیا ببینەوە و لە چنگ عارەب و عروبەوە بۆ هەمیشە ڕزگاریمان  ببێ و بە هەموو مافێکی کوردو کوردستانمان شاد ببین و بۆ هەتا هەتایە لە چنگ داگیرکەران ڕزگاریمان ببێت و  دوژمنانی کورد جارێکی تر نەتوانن کە بە ئەنفال کردن و بڕیارەکانی جینۆ ساید کردن و کوشتن و بڕین گەلی کورد

توش به کارەساتەکان بکەنەوە و ئەو هەموو نەهامەتیانەی کە بەسەر گەلی کوردیان هێنا بۆ هەتایە ببڕێتەوە،کورد دەبێ ئەوە باش بزانێت کە هەتا ئەو کاتەی کە دوژمنانی کورد  لە توانایان دابێت و بۆیان بلوێت ئەوا مەرامە گلاوەکانیان دژ بە کوردو کوردستان وەدی دێنن و هەرگیز دان بە بوونی گەلی کورد ناهێنن.

ئەمڕۆ ئەرکی سەر شانی هەر تاکێکی دڵسۆزی کوردە بۆ کوردستانەکەی کە بە گیان و بە دڵ بە پاکی و هەستی کوردایەتی لە ڕێگەی یەکگرتنەوەی ماڵی کورد بەوپەڕی دڵسۆزیوە خەبات بکات و هەرگیز ماف بە خۆیەوە نەدات کە دژ بە یەکگرتنی گەلی کورد هەنگاو باوێت و دوا ڕۆژەکانی سەربەستی و ڕزگاری گەلی کورد بنکۆڵ بکات و ببێتە هۆکاری سەرنەکەوتنەکان و بەرەو پێشەوە چوونی گەلی کورد وکوردستان.

من پێم وایە هەتا ئەو دەمانەی کە گەلی کورد بە یەکجاری بڕیاری چارەنوسی خۆی و جیابوونەوەی لە عارەب و بەشی عێراقی عروبەوە نەدات و  خۆی لە چنگی عارەب و عروبەوە ڕزگار نەکات ئەوا هەرگیز لە چنگ ئەوان ئاسودە نابین و کوردستان هەمیشە توش بە کارەساتەکان دەکەنەوە و بۆیان بوێت هەموو کوردستان دەتەقێننەوە. هەربژیت هەستی بۆ هەمیشە جیابوونەوە و بڕیاردانی چارەنوسی گەلی کوردو سەربەخۆیی کوردو کوردستان ، بمرن هەموو نەیاران و دوژمنانی کوردو کوردستان.19.11.2005